# خوازبێنی... بناغەی خێزانە

## خوازبێنیەکانی کۆمەڵگای ئێمە زیاتر لەقوڵ بڕین دەچن

نم...نم ..............................

خوازبێنی کردن بەدرێژای مێژوو هەبووە. بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگاو ئاین جیاوازی هەیە، لەکۆمەڵگای کوردیشدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا ژن ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو دەبینێت.

کاتێک خێزانێک هەست دەکەن کوڕەکەیان کاتی ژنهێنانیەتی ئەوا بەهەرچوارلایەکی خۆیاندا ورد دەبنەوە وکەسانی دڵسۆزو نزیکیان ڕادەسپێرن کەکچێکیان بۆدەست نیشان بکەن بەو سیفەتەی کەهاوشانی کوڕەکەیان بێت، پاشان بێ ئاگاداری کچ بەبیانویەک خۆیان دەگەیەننە کچەو لەشوێنێک یان لەماڵێک سەیری دەکەن، گەردایک و خوشک بەدڵیان بێت ئەوا تەڵەیەکی تریش ڕێک دەخەن تا کوڕەش چاوی پێبکەوێ، ئینجا گەر هەموولایەک بەدڵیان بوو ئەوا بڕیاردەدەن خوازبێنی بکەن.

لەچیرۆکێکدا هاتبوو کوڕێک دەیوت ١١ساڵە ژنمە بێ ئەوەی خۆم بڕیاربدەم، بەڵکو تەنها چەند پیاڵە چایەک ئەوی کردبووە هاوسەری، دایکی چاوی بەکچەکە دەکەوێت و بەدڵیەتی، کەدەڕۆن لەڕێگا بڕیاردەدەن ئەگەر بەدڵیان بوو چایان بۆهێنا بیخواتەوە، وەگەرنا چاکە بگەڕێنێتەوە، کوڕەش لەشەرما هەرچەندە بەدڵیشی نەبووە، بەڵام بێ ئاگا چاکە دەخواتەوەو دایکی کوڕەو دایکی کچە هەمووشتێک بەیەک دانیشتن تەواو دەکەن.

زۆربەی کات کەسانی پلەیەکی کوڕە خوازبێنی دەکەن، وەک خوشک، دایک.. پور کەهەمیشە سۆز زاڵە بەسەریاندا، بێگومان ئەوکەسەی کەخۆشەویستی دڵمانن ئێمە کەم و کورتیەکانیان نابینین، لەبەرئەوە لەنێو چەندان کچدا ئەمە تاکە کچێکە کەبەهەمویانەوە بەدڵیانە، بۆیە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆقەناعەت کردن بەبەرامبەر و شاردنەوەی ڕاستیەکان، یان وتنی چەند شتێک کەلەواقیعدا لەم کەسەدا نین، دەتوانین بڵێین خوازبێنیەکانی کۆمەڵگای ئێمە زیاتر لەقوڵ بڕین دەچن نەک خوازبێنی، (هەڵسەنگاندنی) تەواوی کەسەکان لای خێزانەکانیانە، ئەوە دایکەکان دەزانن چەند کەم و کورتیەک لەمناڵەکانیاندا هەیە، بۆنمونە توڕەیی، بێسەلیقەیی، نەخۆشی دەروونی، یان ڕەزیلی و ئاستی پابەند بوونی بەئیمان، واسواسی لەخواردن و جلوبەرگ، نەخۆشیە جەستەییەکانی کچ.

لەڕۆژی خوازبێنیدا مناڵەکانیان دەکەنە فریشتە و چەندان سوێند دەخۆن، بۆنمونە دەڵێن کوڕەکەم نوێژکەرە، بەڵام لەڕاستیدا نوێژناکات، یان دەڵێن جگەرە ناکێشێت، بەڵام ڕۆژی پاکەتێ ئەکێشێ یان زۆرجار کەس و کار عەیب و نەخۆشیەکان لەیەکتری دەشارنەوە، خوازبێنیەک بۆهەتا هەتایە کەسێک گیرۆدەکات، چەندان ژن هەن گیرۆدەی خوازبێنیەکن یان چەندان پیاو هەن لەگەڵ ژنێکدا ژیان دەگوزەرێنن جیاواز لەسیفەتی ئەو کچەی کەخوازبێنی کرد.

پیاوێک دوای ئەوە بڕیاریدا لەژنەکەی جیابێتەوە، سوێندی خوارد ڕۆژی سەیرکردن من خوشکی کچەکەم بینیوە!!.

یان کچێک شوی کردبوو بەکوڕێک بەو شەرتەی کە کوڕەکە کارگەی شەربەتی هەیە، لەدوایدا بۆی دەرکەوت کەشاگردە لەو کارگەیە، ئەمە تەنها لەڕۆژی خوازبێنیدا وترابوو.



ژنێکی تردوای ئەوەی دەبێت بەدایکی کچێک بڕیاری جیابونەوە دەدات لەبەربونی نەخۆشی دەروونی لەکوڕەکەدا .

جارێکی تر ژنێکم بینی لەڕووی ڕوخسارو شێوازەوە زۆرلەپیاوەکە جیاوازبوو، چونکە پیاوەکە خاوەنی جەستەیەکی تەواو شێواوبوو، دوای ئەوە ببوو بەدایکی شەش مناڵ، پرسیارم لێکرد وتی ڕۆژی خوازبێنی و مارەبڕین براکەی هاوسەرەکەم دەهات، شەوی بوکێنیم زانیم کەشوم بەم پیاوە کردوە.

گەرباس لەم نمونانەی کۆمەڵگای کوردی بکەین، ئەوا سەدان نمونەمان بەرچاو دەکەوێت، کەخوازبێنی کاران دەستیان هەیە لەوکارانەدا.

پێویستە لەسەر کەسی خوازبێنی کار کەڕاستیەکان وەک خۆیان بەبەرامبەر بڵێن، مەرج نیە کچەکە یان کوڕەکە ڕازی نەبێت، بەڵکو هەر لەسەرتاوە خۆی ئامادە دەکات بۆمامەڵەکردن لەگەڵ کەسێک بەوسیفەتانەوە.

"شێوازی ڕێوڕەسمی خوازبێنی"

-بەدەم ڕێوە تادەگەنە ماڵی کچە قسە ڕیکدەخەن، کێ سەرەتا دەست پێ بکات، یان کەسێکی دەرەوەی خێزانەکە، کەکەسایەتیەکی تایبەت و قسەزان بێت دەبەن لەگەڵ خۆیاندا.

-کڕینی هەندێک شیرینی یان میوەیەکی نایابی ئەو وەرزە دەبەن لەگەڵ دەستیاندا.

-ئەوەی کەهەردوولا نیگەران دەکات، هەندێک قسەی هەڵەو لایەلایە، چ ماڵی کوڕ یان کچ دەیانەوێت خۆیان لەوان زیاتر بزانن.

خۆئەگەر زۆرناسراوی یەکتربن ئەوا زۆرخێرا ڕازی دەبن.

"کێشەکانی خوازبێنی کار"

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: "دەبێت کەسی خوازبێنی کەر جوتێک پێڵاوی ئاسنی بدڕێت"

جاری واهەیە ماڵی کچە هەمویان ڕازین، بەڵام پێیان وایە دەبێت چەند ئەم سەرو ئەوسەرێک بەماڵی زاوا بکەن، تانەڵێن کچەکەیان بەئاسانی دابەدەستەوە.

-خۆهەڵقورتاندنی کەسانی زۆر بەتایبەت ئەوکچانەی باوکیان لەدەستداوە، مام و خاڵ و ئامۆزاو...تاکە کەسێکیان ڕازی دەبن ئەویتریان پەشیمان دەبێتەوە.

یان جاری واهەیە هەرلەسەرەتاوە بڕیاری خۆیان داوە کەئەم کارە نەکەن، بەڵام دوای چەند ئەمسەرو ئەوسەرێک ئینجا دەڵێن ناکرێت.

-خۆئەگەر ئەودوو کەسە ژیانیان خۆشبێت ئەوا بیریان بەلای کەسی خوازبێنی کەرەوە نیە، بەڵام گەرکێشەیەکیان هەبێت ئەوا ئێخەی ئەو دەگرن.

خۆئەگەر خوازبێنیەکە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوانابێت نەکچەکە نەکوڕەکە باسی نەکەن و بەنهێنی بمێنێتەوە لەنێوانیاندا، و نەبێتە مایەی زویری نێوان ئەودوو خێزانە.

# ١٠ ئامۆژگاری سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ

**بەهار لەتیف** ..............................



یەکێک لە دامەزراوەکان کە تایبەتە بە تەندروستی هەستی (عقلیە) لەووڵاتە یەکگرتووەکان، توێژینەوەیەکی لەگەڵ پەنجا دایکو باوک کرد کە سەرکەوتوو بوون لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان، ئەویش لە پێناوی گەیشتن بە باشترین ئامۆژگاری کە پەیوەندی بە پەروەردە کردنی منداڵەوە هەیە بە شێوەیەکی نمونەیی، ئەو ١٠ ئامۆژگاریەش :

– دەرخستن یاخود پێدانی بڕێکی زۆر لە خۆشەویستی بۆ منداڵ کە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە ئەمانو لایەنگری یارمەتیدانی بکات، دەبێت دایکو باوک گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن لەو کاتانەی کە شیاوو گونجاوە بۆیان ڕاو بۆچونیان وەربگرن.

– تەمێ کردن، پێویستە دایکو باوک ڕاو بۆچونیان یەک بێت لەسەر ئەم بابەتە، پێویستە لەسەریان خشتەیەکی تەمێ کردن سوک دابنێن بۆ منداڵەکانیان، بەڵام نابێت ئەم سزادانە بۆ منداڵەکانیان لەبەر چاوی هاوڕێو کەسانی تردا بێت.

– پێویستە لەسەر دایکو باوک ڕۆژانە ماوەیەک لە کاتەکانیان بە پێی گونجان بۆ منداڵەکانیان دابنێن، وە چەند شتێکی بەسودیان فێر بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ ڕەگەزو تەمەنی منداڵەکە، وەک چێشت لێنانو فێر کردنی چاک کردنەوەی سەیارە کە دەبێت بە شێوەیەکی سەرەتاییو ئاسان بێت لێیان قورس نەکرێت، هەروەها بردنیان بۆ دەرەوەی ماڵ و بەسەربردنی چەند کاتێک لەگەڵیان لە باخچەو چێشتخانە.

– بوونی پەیوەنی سۆزو خۆشەویستی لەنێوان دایکو باوک، هۆکارێکی گرنگە بۆ هەست کردن بە ئەمانو ئارامی بۆ منداڵو هەموو ئەندامانی خێزانەکەش.

٥- فێرکردنی منداڵو دوورکەوتنەوە لە هەڵە کردن دەبێت دایکو باوک منداڵەکانیان فێری بەها ڕەوشتیە بەرزەکان بکەن، وە فێریان بکەن کە سوربن لەسەر شتە جوانەکانو هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەپەیوەندی کردنیان لەگەڵ دەوروبەریان لەسەر بناغەی ڕێزو خۆشەویستی بێت.

– پەیڕەو کردنی ڕێزگرتن لەیەک (متبادل) کە پێویستە ئەو ڕێزە لە نێوان هەموو ئەندامەکانی خێزاندا هەبێت، پێویستە لەسەر دایکو باوک بەشێوازی نەرمو گونجاو ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن.

– گوێگرتن لە منداڵ هەرکاتێ منداڵ پێویستی بە دەربڕین بوو لەو شتانەی کە تایبەتە پێیانەوە دایکو باوک گوێیان بۆ بگرنو ئەو هەستەیان بۆ دروست بکەن کە ئەوان گوێیان لێدەگرنو گرنگی بەڕاو بۆچونەکانیان دەدەن.

– پێشکەش کردنی ڕاوێژو ئامۆژگاری، پێویستە دایکو باوک ڕاو بۆچونەکانی خۆیان بۆ منداڵەکانیان ڕوون بکەنەوە بەچەند دەستەواژەو وشەیەکی کورت و ئاگادارکردنەوەی منداڵەکانیان بەوەی کە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لێیان کە بیر لەو گرفتانە دەکاتەوە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە پێش ئەوەی چارەسەری ئامادە کراویان پیشان بدرێت.

– دەبێت دایکو باوک هەندێک لەسەربەخۆیی بدەن بە منداڵەکانیان بەشێوەی پلەبەندی و دروستکردنی ئەو ڕوحیەتە تیایاندا کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێزو سۆزی منداڵەکان بۆ دایکو باوکیان.

## ئەستێرەکانی سینەمای ئێران

# ڕوئیا نونهالی

**فاتمە ئەدهەم**

ڕوئیا نونهالی، لەدایکبووی ساڵی "١٩٦١"ی شاری تارانە، ماستەری لە دەرهێنان، شانۆ، نواندندا هەیە، لەزانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران.

کاری یەکەمی ڕوئیا فیلمی "یار درخانە"بوو، ئەو لەکاتی ڕۆڵ گێراندا زۆر دەقیق وحسابیە، ئەو ڕۆڵەی کەدەیگێرێت زۆر بێت یان کەم بۆ ئەو جیاوازی نیە، گرنگ بەلایەوە ئەوەیە کە ئەو ڕۆڵە بەجوانی جێبەجێ بکات، نمونەش لەفیلمی سینەمایی "بوی کافور"ە و"عترياس" کەتەنها لەیەک سکانسدا بەشداری کردووە، بەلام خەلاتی باشترین دەورگێری لە هەردووکیاندا وەرگرتووە..

ژیانی هاوسەری پیکهێناوە، دواتر لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوەو ئێستا تەنهایە، تائێستا ئەم خەلاتانەی وەرگرتووە:

- خەلاتی باشترین ئەکتەر لەڤیستیڤاڵی "١٩"ی فجردا
- خەلاتی باشترین ئەکتەری ژن.
- خەلاتی باشترین ڕۆڵگێڕ لەهەردوو فیلمی "عتر یاس، بوی کافور".

فیلم و زنجیرەکانی:

- یاردرخانە.
- عروس خوبان .
- لوح زرين .
- مرد ناتمام .
- ديدار دراستانبول .
- فصل پنجم .
- صنم .
- بوی کافور .
- عترياس.
- خانەای روی اب.
- عصر جمعە.
- زندان زنان.
- ماهيها عاشق شوند
- اب را گل نکنيد .
- اورفە.
- هم نفس.
- هفت شب.
- پرند اهنين.
- خواب وبيدار، کەڕۆڵی سەرەکی ناتاشا دەبینێ.
- باغ سيد .

